www.kurdistannet.org
19/09/02 22:52

# پایز

یاسین بانیخێلانی

ئەم بەیانییە...
بۆنی سنگی تەڕی خاك
بۆنی تەرمی گەڵای زەرد
بۆنی هەناسەی ساردی با
بۆنی دڵتەنگی
ئەڕژایە ژووری تەنهاییەکەم
ئەم بەیانییە. . .
چاوی شینی ئاسمان
لە تەمێکی لێڵ ئەچوو
پرچی دارستانەکان
ڕەنگی خۆریان دزیبوو
کەناری (نێکار) *یش
بۆنی هەناسەی ماسی و قەوزەو
غەریبی نەورەسەکانی
گرتبوو
ئەم بەیانییە چاوی ئاوێنەیەك
بە نیگایەکی تەڵخ تێی گەیاندن
کە وەرزێکی تری تەمەنم
مرد
بۆیە ڕوخساری پایز
ڕژایە ناو
ڕوخسارمەوە

*نێکار (Neckar) ڕووبارێکە بەناو شاری هایدلبێرگدا تێدەپەڕێت

Heidelberg 19. 9. 2002



www.kurdistannet.org